# کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری و دەستەبژێری دژ بە ژنان

دوکتۆر روئیا تلووعی

## پێشەکی:

ماوەیەك لەمەوبەر ئاگاداری باسوخواسێکی زۆر لەسەر کۆنڤانسیۆنی (پەیماننامە) لابردنی سەرکوتکاری ژنان لە پەرلەمانی ئێران بووین. ژنانی ئەم وڵاتە پێویستە بزانن ئەم کۆنڤانسیۆنە چیە و چۆنە؟ ئایا بە رای ژنان ئەمە دەبێ بێتە ناو یاسای وڵاتەوە یان پێویست ناکات؟ بوون و نەبوونی چ لایەنێکی چاك و خراپی بۆ ژن هەیە؟ بە مەبەستی ئاگاداری ژنانی کورد لە چۆنیەتی ئەم کۆنڤانسیۆنە و دامەزراندنی باسێك لە سەری بە پێویستمان زانی کە دەقی کۆنڤانسیۆنەکە وەرگێڕین بە کوردی، ئەوسا لێکۆڵینەوەیەکمان بێت لە سەری. دڵنیام ئەم کۆنڤانسیۆنە بۆ پەسند لە داهاتوودا دەچێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە باشووری کوردستان. بۆیە سەرنجی هەموو ژنانی کورد دەبێ راکێشین و بزانین پەسند کردن یان پەسند نەکردنی شتێکی ئاوا چەنێك بە بەرژەوەندی ژنانی کوردە؟

### دەقی کۆنڤانسیۆن:

گەڵاڵەی کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری ژنان لە ١٨ی دیسامبری ١٩٧٩ پەسندکراوە و رێککەوتننامەی ژمارەی ٣٤/١٨٠ی کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوەی نەتەوەیە کگرتووەکانە. هێزی بەڕێوەبردنی لە سەر بڕیاری ژمارەی ٢٧ (١)ی سێیەمی سپتامبری ١٩٨١ دامەزراوە. بە هۆی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە باوەڕی راستەقینەی بە خاڵە سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ و رێز گرتن لە یەکسانی و بەرابەری بەڵگەنەویستی مافی ژن و پیاو هەیە و هەر وەهاش بە هۆی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤەوە کە بڕیاری رەت کردنەوەی سەرکوتکاری زۆر بە گرنگ دەزانێ و دەڵێ: تەواوی

خەڵك ئازاد و بەرابەر لە دایك دەبن و ئەبێ لە هەموو ماف و ئازادیەکان کە لەم بەیاننامەدا باسی دەکرێ، بێ هیچ جیاوازییەك بە تایبەت جیاوازی بە هۆی جنسیەتەوە، کەڵك وەرگرن، هەر وەهاش بە سەرنج دان بەوەی کە دەوڵەتەکانی ئەندامی پەیمانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ مافی بەرابەری ژن و پیاویان لە کەڵك وەرگرتن لە هەموو بابەتەکانی بووارگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنی و رامیاری قەبووڵ کردووە و لە ئەستۆیان گرتووە و هەر وەها بە سەرنجدان بە پەیمانە نێو نەتەوەیەکانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرە تایبەتەکانی بۆ دابین کردنی مافی بەرابەری ژن و پیاو و بە هۆی رێکەکەوتننامە و بەیاننامە و پێشنیاری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرەکانی، ئەم کۆنڤانسیۆنە پەسند کراوە و بڕیاری لە سەر دراوە. زۆر جێگای مەترسیە کە بەم هەموو بەڵگەوە، ئێستاش هەر ژنان سەرکوت دەکرێن و تەبعیز (هەڵاواردن) هەر هەیە. تەبعیز و سەرکوتکاری ژنان، پێشێل کردنی خاڵە سەرەکیەکانی بەرابەری ماف و رێز نەگرتن لە کەسایەتی مرۆڤە و وەك کۆسپێکە بۆ بەشدار بوونی ژنان لە هەل و مەرجێکی یەکسان لەگەڵ پیاودا لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین.

بێ گومان ئەم کەند و کۆسپانە رێگری لە خۆشبەختی و سەرکەوتنی کۆمەڵگا و بنەماڵە دەکەن و کێشەی زۆر بۆ پەرە سەندنی تواناییەکانی ژنان بۆ خزمەت بە وڵاتەکەیان و کۆمەڵگای ئینسانی ساز دەکەن.

ئەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێت کە ژنان لە کاتی نەداری و هەژاری تا رادیەکی زۆر کەم خواردەمەنی و تەندروستی و خوێندکاری و دەرفەتی ئیش و کاریان لە بەر دەستایە. پێکهێنانی سیستەمێکی نوێی ئابووریی نێو نەتەوەیی لە سەر بنەمای بەرابەری و دادگەری بێگومان یارمەتییەکی هەرە گرنگە بۆ یەکسانی مافی ژن و پیاو.

www.kurdistannet.org KURDISTANNET

له ناو بردنی ئاپارتاید به هەموو شێوەیەك وەك ڕەگەزپەرستی، سەرکوتکاری و تەبعیز له نێوان ڕەگزە جیاوازەکان، کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیزمی نوێ، هێرش کردن بۆ سەر خاك و داگیر کردن و... هتد، شتێکی زۆر پێویسته بۆ بەشدار بوونی ژنان و پیاوان له هەموو مافه ڕەواکانی خۆیان.

پتەو کردنی ئاشتی و ئاسایش و ئارامی نێو نەتەوەیی و هێمن کردنەوەی کێشه نێو نەتەوەیەکان و هاوکاریی نێوان دەوڵەتەکان و داماڵینیان له چەکی ئەتۆمی به هۆی سەرپەرشتی ڕاسته و خۆ، کۆنتڕۆڵی نێو نەتەوەیی و، هەر وەهاش گرنگی دان به خاڵه سەرەکیەکانی دادگەری و بەرابەری و بەرژەوەندی هەمەلایەنه له پێوەندی نێو دەوڵەتەکاندا و به ڕەسمی ناسینی مافی خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی کۆلونیالیزم و داگیرکەرانی بێگانه، بۆ دابین کردنی چارەنووسی خۆیان و سەر به خۆیی، هەر هەمووی دەبێته هۆکارێك بۆ پەره سەندنی کۆمەڵگا و هاندەرێك بۆ گەیشتن به بەرابەری نێوان مافی ژن و پیاو.

بێگومان پێشکەوتن و پەره سەندنی وڵاتان و ئاشتی جیهانی پێویستی به بەشداری هەمەلایەنەی ژنان له هەموو بوارێکەوه و له هەل و مەرجێکی یەکسان لەگەڵ پیاودا هەیه. به داخەوه بەشی سەرەکی زۆربەی ژنان له ئاسایشی بنەماڵه و پێشکەوتنی کۆمەڵگا هێشتا به تەواوی نەناسراوه. گرنگایەتی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دایك و هەر وەها ڕۆڵی دایك و باوك له بنەماڵەدا و پەروەردە کردنی منداڵ دەبێ له بەر چاو بێت، بەڵام ڕۆڵی ژن له سکوزێ کردن نابێ هۆکارێك بێ بۆ سەرکوتکاری ژن. بەڵکو به پێچەوانەوه، پەروەردە کردنی منداڵ پێویستی به ڕێککەوتنێك هەیه بۆ دابەش کردنی بەرپرسایەتی ئەم پەروەردە کردنه له نێوان ژن و پیاو و بنەماڵه و کۆمەڵگادا. هەر بۆیه گۆڕانکاری له

www.kurdistannet.org

رۆڵی نەریتی ژن و پیاو و لە بنەماڵە و لە کۆمەڵگادا بە مەبەستی گەیشتن بە بەرابەری ژن و پیاو زۆر پێویستە.

بە هۆی بڕیاردان لە سەر بەڕێوەبردنی ئەو خاڵانەی بەیاننامەی لابردنی سەرکوتکاری ژنان و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و رەخساندنی دەرفەت بۆ ئەو ئەرکانەی کە بۆ لابردنی تەبعیز لە هەر شێوازێکدا پێویستە، دەوڵەتانی ئەندام ئەم خاڵانەی خوارەوەیان قەبووڵ کردەوە:

## «بەشی یەکەم»

### بڕیاری یەك:

بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی ئەم کۆنڤانسیۆنە وشەی تەبعیز (هەڵاواردن) دژ بە ژنان بە مانای هەر چەشنە جیاوازیەك قایل بوون یا سنور دانانێکە بە هۆی جنسیەتەوە، کە ببێتە هۆکاری بێ بایەخ کردنی ئەو کارانەی بە دەست ژن دەکرێ. بە بێ لە بەرچاو گرتنی هاوسەریەتی و لە سەر بنەمای بەرابەری مافی مرۆڤایەتی ژنان و پیاوان و ئازادیە سەرەکیەکان لە بووارگەلی رامیاری، ئابووری، کولتووری، مەدەنی و... هتد.

### بڕیاری دوو:

دەوڵەتانی ئەندام، تەبعیز دژ بە ژنان بە هەموو شێوەیەك ناپەسند ئەزانن و مەحکوومی دەکەن و بە زووترین کات و بە هەموو ئامرازێکەوە لەگەڵ سیاسەتی لابردنی تەبعیز دژ بە ژنان رێك دەکەون و ئەم ئەرکانە دەخەنە ئەستۆی خۆیان:

**ئەلف:** مافی بەرابەری ژن و پیاو دەخەنە نێو یاسای بنەڕەتی وڵاتەکەیان و یاساکانی تریان. ئەگەر تاکو ئێستاش ئەم یاسایەیان نەبووە دەبێ بێگۆنجێنن و بە شێوازی پێویست لە بەڕێوە چوونی ئەو یاسایە دڵنیا بن.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

**بێ:** یاسا و ئامرازی پێویست پێك بێنن بۆ تاوانبار کردنی ئەو کەسانەی سەرکوتکاری ژنان دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە رێگا لە تەبعیز دژ بە ژن بگرن.

**پێ:** پشتیوانی یاسایی لە مافی ژنان لە سەر بنەمای بەرابەری لەگەڵ پیاوان و متمانە لەوەی کە دادگاکان پشتیوانی لە ژنانی سەرکوتکراو دەکەن و دژ بە هەر چەشنە تەبعیزێکن لە سەر ژن.

**تێ:** خۆ پاراستن لە هەر چەشنە کارێك کە تەبعیز دژ بە ژنی تێدا بێت و دڵنیا کردن لەوەی کە لێپرساوان و دایرە گشتیەکان پێبەندی ئەم پرسە دەبن.

**جێ:** بە ئەنجام گەیاندنی هەر چەشنە ئەرك و کارێکی پێویست بۆ لابردنی تەبعیز لە سەر ژنان لە لایەن هەر تاکە کەس و رێکخراوە و دامەزراوەیەکەوە.

**چێ:** رەخساندنی دەرفەت بۆ هەر چەشنە ئەرکێکی پێویست وەك ئاڵوگۆڕ یان لابردن و چاك کردنی ئەو یاسایانەی دژ بە ژنن، یان ئەو دابونەریتە کۆنانە و ئەو ئامرازانەی هۆکاری سەرکوتکاری ژنانن.

**حێ:** لابردنی تەواوی ئەو تاوانباریە سزاییانەی دەبنە هۆی تەبعیز دژ بە ژن.

## برِیاری سێ:

دەوڵەتانی ئەندام ئەبێ هەر چەشنە ئەرك و کاری پێویست بەڕێوە بەرن کە هەموو بوارە رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکان و... هتد وەك یاسا دانان و... بگرێتەوە تا بەو جۆرە لە پەرە سەندن و پێشکەوتوویی بارودۆخی ژنان بە متمانە بگەن. ئەم ئەرکانە بۆ مسۆگەر کردنی مافی ژنان و کەڵك وەرگرتنی ئەوان لە مافی مرۆڤ و ئازادیە سەرەکیەکان لە سەر بنەمای بەرابەری لەگەڵ پیاواندا ئەنجام دەدرێ.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

**بڕیاری چوار:**

١- چارەسەری کاتی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندام بۆ خێرا کردنی ڕەوتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو وەك تەبعیز و دەستەبژێری جنسیەتی سەیر ناکرێت. بەڵام نابێت وەك شێوەیەکی نابەرابەر بەردەوام بێت و پێویستە هەر کە ئامانجی یەکسانی دەرفەت و هەڵسوکەوتی لێ بەدیهات، هەڵوەشێندرێتەوە.

٢- پشتیوانی لە مافی دایکیەتی وەکو تەبعیزی جنسیەتی سەیر ناکرێت.

**بڕیاری پێنج:**

دەوڵەتانی ئەندام دەبێ ئەم کارانە بکەن:

ئەلف: چاك کردنی شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و کولتووری ژنان و پیاوان بە مەبەستی ئەوەی کە ئەو داب و نەریت و تەسك بینییەی کە لە سەر بنەمای باوەڕ بە ژێر دەستە بوونی جنسێك و سەردەستە بوونی جنسەکەی ترە لا چێت.

بێ: متمانە بە فێرکاری و پەروەردە کردنی بنەماڵەکان بۆ زانستی ڕاستەقینە سەبارەت بە پێگەی دایکیەتی وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و بە ڕەسمی ناسینی بەرپرسایەتی هاوبەشی ژن و پیاو لە پەروەردە کردنی منداڵدا. هەر وەها پێویستە بەرژەوەندی منداڵان لە هەموو بوارێکدا پلەی یەکەمی هەبێت.

**بڕیاری شەش:**

دەوڵەتانی ئەندام ئەبێ هەر چەشنە کارێکی پێویست وەك دانانی یاسا بۆ ڕێگری کردن لە بازرگانی و فرۆشتنی لەشی ژن ئەنجام بدەن.

www.kurdistannet.org

## «بەشی دووەم»

### بڕیاری حەوت:

دەوڵەتانی ئەندام ئەبێ بگەنە متمانە لە سەر لابردنی تەبعیز دژ بە ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا، بۆ ئەوەی ئەم مافانە لە هەل و مەرجێکی یەکساندا بۆیان بێتە ئاراوە:

**ئەلف:** مافی دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا و مافی خۆپاڵاوتن لە نێو هەموو ڕێکخراوە و هەڵبژاردنە گشتیەکاندا.

**بێ:** مافی بەشداربوون لە دابین کردنی چۆنیەتی سیاسەتەکانی دەوڵەت و چۆنیەتی بەڕێوە بردنی ئەوان. هەر وەها کار و باری دەوڵەتی و هەموو ئەرکێکی دەوڵەتی لە هەر ئاستێکدا بە ژنیش بسپێردرێ.

**پێ:** مافی بەشداری لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کە پێوەندی بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەوە هەیە.

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

### بڕیاری هەشت:

دەوڵەتانی ئەندام بە بێ هەر چەشنە تەبعیزێك و لە هەل و مەرجی یەکساندا لەگەڵ پیاوان، ئەبێ ئەو دەرفەتە بۆ ژنان بڕەخسێنن کە وەکو نوێنەری دەوڵەتی خۆیان لە رادەی نێونەتەوەییدا و لە چالاکییەکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا بەشداری بکەن.

### بڕیاری نۆ:

١- دەوڵەتانی ئەندام ئەبێ مافی یەکسان وەك پیاوان بدەن بە ژنان لە بواری وەرگرتن یان گۆڕین یان نەگۆڕینی شارۆمەندێتی.

ئەبێ متمانەی ئەوە ببێت کە مێرد کردنی ژن بە پیاوێکی بییانی یان گـۆڕانی جـۆری شارۆمەندێتی مێرد، نابێتە هۆی گۆڕان یا نەگۆڕان یا بە زۆر ناچار کردنی ژن بۆ وەرگرتنی شارۆمەندێتی مێردەکەی.

٢- مافـی هەڵبژاردنی شارۆمەندێتی منداڵان ئەبێ بە یەکسانی بە ژن و پیاو بدرێت.

## «بەشی سێیەم»

**بڕیاری ده:**

دەوڵەتانی ئەندام هەر چەشنە ئەرکێکی پێویـست بـۆ لابردنـی سـەرکوتکاری ژنـان و مافـی بەرابەری ژن و پیاو لە بواری فێرکاریدا بە کار بهێـنن بـە تایبـەت لـەم خاڵانـەی ژێرەوە:

**ئەلف:** پێك هێنانی هەل و مەرجی یەکسان بۆ خوێندن و گەیشتـن بە بڕوانامەی بـاڵا لە خوێندنگەکان و لە هەموو بوارەکانی خوێندکاری چ لە شار و چ لە دێهاتەکان.

**بێ:** پێك هێنانی هەل و مەرجی یەکسان لەگەڵ پیاو لە دەست ڕاگەیشتـن بە خوێنـدن و تاقیکردنەوە و کەڵك وەرگرتن لە مامۆستاکان و ئامرازەکانی پێویست بۆ خوێندن.

**پێ:** لابردنی هەر چەشنە چەمکێکی دووپاتەوە بوو و کلیـشەیی لـە نابەرابـەری ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی خوێندن و هاندان بـۆ فێربـوونی شـان بـە شـانی کـچ و کـوڕ و جۆرەکانی تری فێرکاری کە یارمەتی ئەم ئامانـجە بدات. بە تایبەت ئەبێ گۆڕانکاری لـە کتێب و پرۆگرامی خوێندنگەکاندا بکرێت و شێوازەکانی فێرکاری چاك ببێت.

**تێ:** ڕەخساندنی دەرفەتی یەکـسان بـۆ کـەڵك وەرگـرتن لـە دەرماڵـەی خوێنـدکاران (بورس) و قازانجەکانی تر.

www.kurdistannet.org

**جیٚ:** ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ کەڵك وەرگرتن لە پرۆگرامی درێژەدان بە خوێندن کە هەموو پرۆگرامە فێرکاریەکانی بەساڵاچوانیش دەگرێتە بەر، بە تایبەت ئەو پرۆگرامانەی کە ئامانجیان کەم کردنەوەی کەلێنێکە کە لە نێوان ژن و پیاو دایە.

**چیٚ:** نزم کردنەوەی رادەی ئەو کچانەی خوێندن بە جێ دەهێڵن و دابین کردنی پەیرەو و پرۆگرام بۆ خوێندنی دووبارەی ئەو کچ و ژنانی کە خوێندنیان بەجێ هێشتوە.

**حیٚ:** ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ بەشدار بوونی ژنان لە وەرزشدا.

**خیٚ:** ڕەخساندنی دەرفەت بۆ زانیاری لە سەر ڕاهێنانی تایبەت بۆ یارمەتی دان و متمانە لە تەندروستی بنەماڵەکان، کە زانست و ئامۆژگاری سەبارەت بە پلان داڕشتن بۆ منداڵ بوون دەگرێتە بەر.

www.kurdistannet.org

## بڕیاری یانزە:

١- دەوڵەتانی ئەندام هەر چەشنە ئەرك و کاری پێویست دەکەن سەبارەت بە لابردنی سەرکوتکاری ژنان لە بواری کارکردندا. دەبێ ئەو متمانە پێك بێت کە ژن و پیاو ماف و داهاتی یەکسانیان دەبێت بە تایبەت لەم خاڵانەدا:

**ئەلف:** مافی کار کردن وەك مافێکی سەرەکی هەموو مرۆڤێك.

**بیٚ:** مافی کەڵك وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان و پێویستیەکانی کار بە یەکسانی. واتە پێوەرەکان و مەرجەکان بۆ هەڵبژادنی کار و ئیش دەبێ یەکسان بێت.

**پیٚ:** مافی هەڵبژادنی ئازادانەی کار و ئیش، مافی گەشە کردن، هێمنایەتی لە سەر کار و تەواوی قازانجە پیشەییەکان و مافی بەشدار بوون لە فێرکاری تەکنیکی و فێر بوونەوە، کە فێر بوونی کار و کۆرسی فێرکاریی پێشکەوتووی تەکنیکی ئەگرێتە بەر.

**تێ:** مافـی دەسکەوتی یەکسان و هەر وەها هەڵسوکەوتی بەرابەر لە هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی کاری ژن و پیاو (لەو کارانەی کە بە یەك شێوەن).

**جێ:** مافـی هەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایـەتی بـە تایبـەت لـە کـاتی خانەنـشینیدا و بێکاری و نەخۆشی و نـەتوانایی و پیـری و لـەکار کـەوتن و مافـی پـشوو بـە مووچـە وەرگرتنەوە.

**چێ:** مافـی هەبوونی تەندروستی و ئاگاداری تەندروستی و ئاسایش لە شوێنی کـاردا (بە تایبەت لە کاتی دووگیانی و منداڵ بووندا).

**٢-** دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی پێشگرتن لە سـەرکوتکاری و دەسـتەبژێری دژ بـە ژنان بە هۆی هاوسەرێتی یان منداڵ بوون و پاراستنی مافی کار کردن و دەسـکەوتی ژنـان ئەم ئەرکانە بە جێ دەهێنن:

**ئەلف:** رێگری لە دەرکردنی ژن لە سەر کار لە کاتی دووگیانی و مۆڵەتی کاتی منداڵ بوون. هەر وەها رێگری لە تەبعیز لە بێکار کردن بە هۆی هەل و مەرجی خێزانداری.

**بێ:** مافی مۆڵەت وەرگرتن لە کاتی منداڵ بوون و وەرگرتنی داهات هەر وەك جـاران و بێ ئەوەی پلەی کارەکەی نزم بێتەوە.

**پێ:** پێك هێنانی هەل و مەرجێکی کۆمەڵایەتی و پشتیوانی لە دایکەکان و باوکەکان بۆ ئەوەی بتوانن هاوکات لەگەڵ ئیشەکەیان ئەرکی خۆیـان سـەبارەت بـە بنەماڵـەش بـە چاکی بەڕێوە بەرن وەك ئەوەی کە باغچەی منداڵان ساز کرێت و... هتد.

**تێ:** پشتیوانی لەو ژنانەی کە ئیشەکەیان زیانی هەیە بۆ ئەوان لە کاتی دووگیانیدا.

**٣-** لەم بارەیەوە پێویستە لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تکنۆلۆجیا ئاڵوگۆڕی پێویست بە سەر یاساکاندا بێت.

www.kurdistannet.org KURDISTANNET

**بڕیاری دوانزە:**

١- دەوڵەتانی ئەندام هەر چەشنە ئەرك و كاری پێویست بۆ لابردنی سەركوتكاری ژنان لە بوواری تەندروستی و ئاگادارییی تەندروستیدا دەكەن. لەم بارەیەدا ئەبێ ژنان و پیاوان پێوەیەكی هاوسەنگ لە خزمەتە تەندروستیەكانیان لە بەردەستدا بێ.

٢- خزمەتگوزاری ژنان لە كاتی دووگیانی و منداڵ بوون و دوای منداڵ بوون و هەروەها دابین كردنی خواردەمەنی پێویست لە كاتی دووگیانی و شیر دان بۆ ژنان.

**بڕیاری سیانزە:**

دەوڵەتانی ئەندام ئەبێ هەر چەشنە كارێك بۆ لابردنی سەركوتكاری ژنان لە هەموو بوارێكی ژیان ئەنجام بدەن و پێویستە لە سەر بنەمای یەكسانی مافی ژن و پیاو جەخت بكەنە سەر ئەم خاڵانە:

ئەلف: مافی كەڵك وەرگرتن لە دەرماڵەی خێزان.

بێ: مافی وەرگرتنی وام و رەهن و نرخە داراییەكان.

پێ: مافی بەشدار بوون لە هەر چەشنە هەڵسوكەوتی سەیرانی و وەرزشی لە هەموو بوارەكانی ژیانی كولتووری.

**بڕیاری چواردە:**

١- دەوڵەتانی ئەندام ئەبێ كێشە تایبەتەكانی ژنانی دێهات و ئەو رۆڵە گرنگەی ئەوانیان لە ژیانی ئابووریی بنەماڵەكانیاندا كە بە شێوەی كاری بێ‌داهاتی ئابووریە، لەبەر چاو بێت.

www.kurdistannet.org

٢- دەوڵەتانی ئەندام هەر چەشنە ئەرك و كاری پێویست بۆ لابردنی سەركوتكاریی ژنانی دێهات لە سەر بنەمای یەكسانی مافی ژنان و پیاوان و كەڵك وەرگرتن لە ژنان لە بواری پەرەسەندنی دێهاتەكانیان ئەبێ بكەن.

هەر وەها ئەبێ متمانە لە بەڕێوە چوونی ئەم خاڵانە پێك بێت:

**ئەلف:** بەشداری ژنان لە دانان و بەڕێوە بردنی پرۆگرامی پەرەسەندوویی و ئاوادان كردنەوەی دێهاتەكان لە هەموو بوارێكدا.

**بێ:** لە بەردەستبوونی ئامرازەكانی تەندروستی و راوێژكاری و پلان داڕشتنی مندالّ بوون.

**پێ:** مافی هەبوونی بیمە و دابینی كومەلایەتی بە شێوەیەكی راستەوخۆ.

**تێ:** مافی بەشداری لە هەموو كۆرسە فێركاریەكان چ رەسمی و چ نارەسمی وەك خوێندن و... هتد. هەر وەها مافی كەڵك وەرگرتن لە هەموو خزمەتە ناوچەیی و گشتگیرەكان بۆ سەركەوتنی ئاستی كار لێهاتوویی لە باری تەكنیكی پیشەییەوە.

**جێ:** مافی پێكهێنانی لێژنەی هاوبەش بۆ گەیشتن بە مافی بەرابەر لە كەڵك وەرگرتن لە دەرفەتە ئابووریەكان و كار كردن.

**چێ:** مافی بەشداری لە هەموو تێكۆشانێكی ناوچەیی.

**حێ:** مافی وەرگرتنی وامی كشت و كاڵ، بازاڕ دۆزینەوە و تكنۆلوجیای پێشكەوتوو و هەڵسوكەوتی یەكسان لەگەڵ ژن و پیاو لە كاتی دابەش كردنی زەوی.

**خێ:** مافی هاوبەشی لە بار و دۆخێكی باش بۆ ژیانێكی خۆش بە تایبەت سەبارەت بە ماڵ و تەندروستی و ئاو و كارەبا و هاتوو چوون و پێوەندیەكان.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

## «بەشی چوارەم»

### بڕیاری پانزە

١- دەوڵەتانی ئەندام یەکسانی و بەرابەری مافی ژن و پیاو لە پێناو یاسادا دەپارێزن.

٢- هەموو ئەو بابەتە مەدەنیانە و مافە یاساییانە و دەرفەتانەی کە بۆ پیاو هەیە ئەبێ بۆ ژنیش ببێت. بە تایبەت مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە کاتی بەستنی رێککەوتننامە و بەڕێوەبەری ماڵ و مونات لە تەواوی قۆناغەکانی دادوەری لە دادگاکاندا دابین دەکرێ.

٣- هەر وەها تەواوی ئەو رێککەوتننامە و بەڵگانە کە مافی ژنەکان سنوردار دەکات هەڵدەوەشێتەوە.

٤- مافی یەکسانی ژن و پیاو لە پێناو یاسادا سەبارەت بە هاتوچۆی تاکەکان و ئازادی هەڵبژاردنی ماڵ و شوێن بۆ ژیان، لایان پەسندە.

### بڕیاری شانزە:

١- دەوڵەتانی ئەندام هەر چەشنە ئەرك و کارێکی پێویست ئەکەن بۆ لابردنی سەرکوتکاری ژنان، لە تەواوی ئەو بابەتانەی پێوەندی بە هاوسەرێتی و خێزانداریەوە هەیە. بە تایبەت ئەم خاڵانەی ژێرەوە لە سەر بنەمای بەرابەری مافی ژن و پیاو لە بەرچاو دەگرن:

**ئەلف:** مافی یەکسانی ژن و پیاو بۆ هاوسەرێتی.

**بێ:** مافی یەکسان و ئازاد بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر و رازی بوونی هەر دوو لایەن.

**پێ:** ماف و بەرپرسایەتی یەکسان لە کاتی هاوسەرێتی و جیابوونەوەدا.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

تێ: ماف و بەرپرسایەتی یەکسان بۆ دایك و باوك لەو بابەتانەی پێوەندی بە منداڵەوە هەیە بە بێ لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی هاوسەرێتیەوە. لە هەموو بابەتێکدا ئەبێ بەرژەوەندی منداڵەکە لە پلەی یەکەمدا بێت.

جێ: مافی یەکسان بۆ بڕیاری ئازادانە و بەرپرسانە سەبارەت بە ژمارەی منداڵان و ماوەی نێوان لە دایك بوونی دوو منداڵ. هەر وەها زانست و فێرکاری و ئامرازی پێویست بۆ ئەم پرسە و چۆنیەتی بەڕێوە بردنی لە بەردەستدا بێ.

چێ: مافی یەکسانی ژن و پیاو لە هەڵبژاردنی ناو و کاردا.

حێ: مافی یەکسانی ژن و مێرد سەبارەت بە خاوەندارێتی و مافی دارایی و بەڕێوە بەرێتی، سەرپەرشتی، ئازادی کەڵك وەرگرتن لە ماڵ و مڵك چ بە بەلاشی چ بە پارەوە.

٢- دەستگیراندار بوون و هاوسەرێتی منداڵان یاسایی نییە و پێویستە یاسا دابندرێ بۆ دابین کردنی کەمترین تەمەنی هاوسەرێتی و تۆمار کردنی یاسایی هاوسەرێتی لە نووسینگە رەسمییەکانی تۆماری هاوسەرێتیدا.

## «بەشی پێنجەم»

### بڕیاری هەڤدە:

١- بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی پێشکەوتن و بەڕێوە چوونی کۆنڤانسیۆنەکە لێژنەی لابردنی سەرکوتکاری ژنان (کە لەمەولا پێی دەڵێین لیژنە) پێك دێت.

ئەم لێژەنە لە کاتی دەست پێکردنی بەڕێوەبەری کۆنڤانسیۆنەکەدا هەژدە ئەندامی کارناسی دەبێت و لە دوای ئەوەی سییەمین دەوڵەت بوو بە ئەندام، ژمارەی کارناسەکان دەبنە ٢٣ کەس کە ناوبانگی ئەخلاقی و توانایی باشیان هەیە.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

دەوڵەتانی ئەندام ئـەم كارناسـانە لـە نێـوان هاووڵاتیـانی خۆیـان هەڵدەبـژێرن. ئـەو كارناسانەش نـەك وەكـو نوێنـەری دەوڵـەتی خۆیـان بـەڵكو بـە پێـی ویـست و توانـایی تاكەكەسی خۆیان كار دەكەن. لە هەڵبژاردنی ئەم كارناسـانەدا چـۆنیەتی بـڵاو بوونـەوەی جوگرافیایی و نوێنەرایەتی شارستانیەتە جیاوازەكان و سیـستمە یاسـاییەكان لـە بەرچـاو دەگیـرێ.

٢- ئەندامانی لێژنە بە دەنگدانی نهێنی و لە رووی ئەو ناوانەی كە دەوڵەتانی ئەنـدام دەسنیشانیان كردوون هەڵدەبژێردرێن. هەر دەوڵەتێك ئەتوانێ تەنیا یەك كەس دەستنیشان بكات.

٣- یەكـەم هەڵبـژاردنیش ئەكەوێتـە شـەش مـانگ دوای ئـەو رێكەوتەیـەی كـە كۆنڤانسیۆن هێزی بەڕێوەبەرێتی هەبێ. بەلانی كەمەوە سـێ مـانگ پـێش هـەر چەشـنە هەڵبژاردنێك سكرتێری گشتی رێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان، بانگهێـشتی دەوڵـەتانی ئەندام دەكات كە ئەو كەسانەی دەستنیشانیان كردووە، لە ماوەی دوو مانگدا بناسێنن. سـكرتێری گـشتی نـاوی دەسنیـشان كـراوان و دەوڵەتـەكانیان دەنێـرێ بـۆ هـەموو ئەندامەكان.

٤- هەڵبژادنی ئەندامانی لێژنەكە لە دانیشتنێكدا بە رێبەرایەتی سكرتێری گـشتی و بەشداری دەوڵەتانی ئەندام لە شوێنی نەتەوە یەكگرتووەكاندا سەر ئەگرێ لەم دانیشتنەشدا كە رەسـمی بوونەكەی بـە هـۆی بەشـداری نوێنـەرانی دولـەتانی ئەندامەوەیـە، ئەوانـەی هەڵدەبژێردرێن كە زۆرترین دەنگیان وە دەست هێنابێ.

٥- ئەندامانی لێژنە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن بەڵام ماوەی ئەنـدامێتی نـۆ كەس لە ئەندامەكان لە یەكەم هەڵبژاردندا، دوای دوو ساڵ تەواو دەبێت. ئەم نۆ كەسە لـە رێگەی هەڵبژاردنی شانسی و لە لایەن سەرۆكی لێژنەكەوە دێنە هەڵبژاردن.

٦- هەڵبژاردنی پێنج (٥) ئەندامی تری ئەم لیژنە لە سەر بڕیاری خاڵەکانی دوو، سێ و چوار، لە دوای ئەویە کە سی و پێنجەمین دەوڵەت دەبێتە ئەندام. ماوەی ئەندامێتی دوو کەس لەم پێنج کەسەش دوای دوو ساڵ تەواو دەبێ و ئەم ناوانەش هەر وەك ئەو نۆ کەسەی پێشوو دێنە هەڵبژاردن.

٧- بۆ پڕکردنەوەی ئەو جێگا بەتاڵانە دەوڵەتانی ئەندام کارناسێکی دیکە لە نێو هاوڵاتیانی خۆیان و لە سەر بڕیاری لیژنە نیشتەجێ دەکەن.

٨- ئەندامانی لیژنە پاش پرس و رای کۆ بوونەوەی گشتی داهاتی خۆیان لە سندووقی پارەی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرن. ئەم دەسکەوتە بە پێی هەل و مەرج و گرنگی بەرپرسایەتی لیژنەکە دابین دەکرێ.

٩- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کارمەند و ئامرازانەی بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی لیژنەکە پێویستە، پێك دەهێنێت.

## بڕیاری هەژدە:

١- دەوڵەتانی ئەندام ئەرکی ئامادە کردنی راپۆرتێك ئەگرنە ئەستۆ کە لەوێدا چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان لە باری یاسایی و دادگەری و ئیدارییەوە و هەر وەها دەسکەوتەکان باس بکرێت. ئەم راپۆرتە بۆ لێکۆڵینەوە لە نێو لیژنە پێشکەشی سکرتێری گشتی دەکرێ.

چۆنیەتی راپۆرتەکە بەم شێوەیە:

**ئەلف:** هەر دەوڵەتێك ماوەی یەك ساڵ دوای بەڕێوە بردنی کۆنڤانسیۆنەکە لە وڵاتی خۆی یەکەم راپۆرتی ئاراستە دەکات.



www.kurdistannet.org

بێ: لەوە بە دواوە هەر چوار ساڵ جارێك یان هەر کات لیژنە داوای کرد راپۆرتەکە پێشکەش دەکرێ.

٢- لە راپۆرتەکاندا ئەبێ ئاماژە بەو کۆسپانە بکرێ کە لە سەر رێگای بەڕێوە بردنی ئەم کۆنڤانسیونە بۆ دەوڵەتانی ئەندام هاتووەتە دی.

**بڕیاری نۆزدە:**

١- لیژنەکە پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆ و چۆنیەتی بەڕێوبەرێتی دابین ئەکات.

٢- لیژنە کارمەندەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی دوو ساڵە هەڵدەبژێرێ.

**بڕیاری بیست:**

لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر راپۆرتەکانی خاڵی هەژدە:

١- هەر ساڵ جارێك دانیشتنی ئەبێ و ماوەی ئەم دانیشتنە لە دوو حەفتە زیاتر نابێ.

٢- دانیشتنەکانی لیژنە لە شوێنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ یان هەر شوێنێك کە لیژنە بە باشی بزانێ.

**بڕیاری بیست و یەك:**

١- لیژنە لە رێگەی دەستەی ئابووریی کۆمەڵایەتی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە راپۆرتی ساڵانەی چالاکیەکان و پێشنیارەکانی کە لە سەر لێکۆڵینەوەی راپۆرتی دەوڵەتانی ئەندامەوە ئامادەی کردووە، ئاراستە دەکات. سکرتێری گشتی بیروڕای دەوڵەتەکانیش لەم راپۆرتەدا دەگونجێنێ.

٢- سكرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتی لیژنەکە بۆ ئاگاداری دەنێرێ بۆ کۆمۆسیونی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ژنان.

**بڕیاری بیست و دوو:**

دامەزراوە تایبەتییەکان بە هۆی نوێنەرەکانیانەوە دەتوانن بەڕێوەبەری بڕێك لەو بڕیارانەی کۆنڤانسیۆن کە گرنگایەتیان نزم بۆتەوە لە ئەستۆ بگرن. لەوانەیە لیژنە، دامەزراوە تایبەتییەکان بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی راپۆرتگەلێك سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی کۆنڤانسیۆن لەو شوێنە و لەو خاڵانەی گرنگایەتیان نزم بۆتەوە رابگەیەنن.

**«بەشی شەشەم»**

**بڕیاری بیست و سێ:**

هیچ شتێك لەم کۆنڤانسیۆنەدا کار لەو یاسانەی کە بوونەتە هۆی گەیشتنی زووتر بە یەکسانی مافی ژن و پیاو، ناکات. وەك:

**ئەلف:** لە یاساکانی دەوڵەتانی ئەندام (کە بەرژەوەندی ژنی تێدایە).

**بێ:** لە هەر کۆنڤانسیۆن، بڕیارنامە و رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی کە پێویستە ئەو دەوڵەتە بەڕێوەی ببات.

**بڕیاری بیست و چوار:**

دەوڵەتانی ئەندام بڕیار ئەدەن کە هەر چەشنە ئەرك و کارێ لە ئاستی نەتەوەییدا بۆ بەڕێوەبەری تەواوی مافەکانی ئەم کۆنڤانسیۆنە پێویستە، ئەنجام بدەن.

www.kurdistannet.org

### بڕیاری بیست و پێنج:

١- ئەم کۆنڤانسیۆنە ئامادەیە بۆ پەسند کردنی لە لایەن تەواوی وڵاتانەوە.

٢- سکرتێری گشتی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووەتە ئەمینی ئەم کۆنڤانسیۆنە.

٣- ئەم کۆنڤانسیۆنە دەبێ لە هەر وڵاتێك بە رەسمی پەسند کرێ و بەڵگەکانی ئەو پەسند کردنە بدرێ بە سکرتێری گشتی رێکخراوەی نەتەوە یەککگرتووەکان.

٤- ئەم کۆنڤانسیۆنە ئامادەیە بۆ بەشداری هەموو دەوڵەتان و کاتێك ئەو بەشدارییە رەسمیە، کە بەڵگەی بەشداری بدرێت بە سکرتێری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

### بڕیاری بیست و شەش:

داخوازی هەر دەوڵەتێکی ئەندام بۆ تێڕوانینی دووبارە لە سەر ئەم کۆنڤانسیۆنە لە هەر کاتێکدا ئەبێ بە نامە بنووسرێ بۆ سکرتێری گشتی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان.

### بڕیاری بیست و حەوت:

١- ئەم کونڤانسیۆنە سی (٣٠) رۆژ دوای ئەو کاتەی کە پەسندی بیستەمین وڵاتی بە دەست هێنا، هێزی بەڕێوەبەرێتی دەبێ.

٢- بۆ هەر دەوڵەتێکیش کە بڕیار لە سەر پەسندی ئەم کۆنڤانسیۆنە ئەدات، لە دوای سی رۆژ کە لە بەڵگەی پەسندی بیستەمین وڵات تێپەڕ بوو، ئەم کۆنڤانسیۆنە هێزی بەڕێوبردنی رەسمی دەبێت.

**بڕیاری بیست و هەشت:**

١- لە کاتی پەسند کردنی ئەم کۆنڤانسیۆنەدا ئەگەر دەوڵەتێك مەرجێکی بێت ئەبێ ئەو مەرجە بە سکرتێری گشتی رابگەیێنرێت و ئەویش بە تەواوی دەوڵەتەکانی تری رابگەیێنێت.

٢- مەرجێك کە دژایەتی لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم کۆنڤانسیۆنەدا بێت قبوول ناکرێ.

٣- هەر بە هەمان شێوە کە دەوڵەتێك ئەتوانێ مەرج دابنێ، ئەشتوانێ بە نامەیەك کە بۆ سکرتێری گشتی دەنووسرێ ئەو مەرجە بەتاڵ کاتەوە. سکرتێری گشتی دیسان لابردنی ئەو مەرجە بە هەموو دەوڵەتەکان رادەگەیەنێ.

نامەی لابردنی مەرجەکان لەو رۆژەوە کە وەردەگیرێ بە شێوەیەکی رەسمی دەناسرێ.

www.kurdistannet.org

**بڕیاری بیست و نۆ:**

١- هەر چەشنە ناکۆکیەك لە سەر راڤە یان چۆنیەتی بەڕێوەبەری ئەم کۆنڤانسیۆنە لە نێوان دوو یا چەند دەوڵەتدا، کە لە رێگەی وتووێژەوە لانەچێت، لە سەر داخوازی یەکێك لەو دەوڵەتانە ئەدرێ بە دادوەری. ئەگەر لە ماوەی شەش مانگدا کە لە داخوازی دادوەری تێپەر بێ، نەتوانن ئەو دادوەرییە رێکخراوەیە قبوول کەن، ئەتوانن ئەم پرسە بە ئاژانسی دادپەروەری نێونەتەوەیی رابگەیەنن.

٢- دەوڵەتانی ئەندام لە کاتی پەسند کردنی ئەم کۆنڤانسیۆنەدا دەتوانن رابگەیەنن کە خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارەیان قبووڵ نییە. وڵاتەکانی دیکە سەبارەت بەم مەرجە پێویست ناکات ئەم خاڵە بۆ ئەو ئەندامە بەڕێوە بەرن.

٣- هەر ئەندامێك کە مەرجێکی لە سەر خاڵی دووەمی ئەم بڕیارە داناوە دەتوانێ لە هەر کاتێکدا بە نامەیەك کە بۆ سکرتێری گشتی دەینووسێ بەتاڵی کاتەوە.

**بڕیاری سی:**

دەقی عەربی، چینی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، رووسی و ئیسپانیایی ئەم کۆنڤانسیۆنە رێزی یەکسانی هەیە و لە ئەرشیڤی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا داندراوە.

## راڤە و لێکۆڵینەوەیەك لە سەر یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە ژن و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری و دەستەبژێری دژ بە ژنان

www.kurdistannet.org

**بەشی یەکەم:** یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران.

لە دەقی کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری ژنان لە بڕیاری دوو باسی مافی بەرابەری ژن و پیاو لە یاسای بنەڕەتی دەوڵەتی ئەندامی ئەم کۆنڤانسیۆنە و پشتیوانی یاسایی لە ژنان دەکرێ. لێرەدا پێویستە سەرنجی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و یاساکانی تریشی بدەین و بزانین چەندە یاسای سەبارەت بە ژنمان هەیە. هەر وەهاش چەنێك ئەو یاسایانە بە بەرژەوەندی ژنن؟

لە یاسای بنەڕەتی (قانون اساسی) کۆماری ئیسلامی ئێران باسێکی تێدایە بە ناوی ژن لە یاسای بنەڕەتی. کورتەی ئەو دەقە بەم شێوەیە کە «بە پێك هاتنی بنیاتی کۆمەڵایەتی ئیسلامی، مرۆڤەکان کە تا ئەم کاتە لە خزمەت کۆلۆنیالیزمی بییانیدا بوون شوناسی سەرەکی و مافی مرۆڤایەتی خۆیان ئەدۆزنەوە و لەم دۆزینەوەشدا دیارە بەشی

مافی ژنان زۆرتر دەبێ، بۆ ئەوەی ژنان ستەمێکی زۆرتریان لە سیستەمی پاشایەتی ئێران دیوە. بنەماڵە بنیاتی کۆمەڵە و بنکەی سەرەکی پەروەردە و راهێنانی مرۆڤە. ژن لە بنەماڵەدا لە شێوازی شمەك بوون دێتە دەر و بە هۆی دۆزینەوەی ئەرکی گەورە و بەڕێزی دایکیەتی لە پەروەردە کردنی مرۆڤی مەکتەبی و هاوشان بوون لەگەڵ پیاوان لە مەیدانی تێکۆشان، بەرپرسایەتییەکی گەورەتر دەگرێ و لە روانگەی ئیسلامی رێز و شکۆی زیاتری دەبێ». (مەنسوور، قانونی ئەساسی، ١٣٨٢: ١٧)

لەم خاڵەدا دەڕوانین رێزی ژن بە هۆی دایك بوونی و ئەرکی پەروەردە کردنی دەگیرێ. ئەی ژن بێ ئەرکی پەروەردە و بە بێ رێز و شکۆی دایکیەتی پێگەی چۆنە؟ ئایا ئەگەر ژنێك نەزۆك بێت و نەتوانێ ببێتە دایك وەك مرۆڤێك نابێ سەیر کرێ؟ بە رای نووسەر ژن پێش ئەوەی ئەرکی پڕ شکۆی دایکیەتی لە ئەستۆ بگرێ مرۆڤە و ئەبێ لە تەواوی مافەکانی مرۆڤ کەڵك وەرگرێ. هەر بۆیە لەم کۆنڤانسیۆنەشدا لە بڕیاری چوارەم خاڵی دوو بە لەبەر چاو گرتنی رێزی دایکیەتی، هەر چەشنە ئەرك و کاری پێویست بۆ پشتیوانی لە مافی دایکیەتی وەك تەبعیز سەیر ناکرێ. مانای ئەم خاڵە ئەوەیە کە پیاوێك ناتوانێ گلەیی لە پشتیوانی یاسایی لە ئەرکی دایکیەتی بکات و ئەو چەشنە پشتیوانیە وەك تەبعیزێك دژ بە پیاو سەیر کات. دیارە ئەم خاڵە رێز لە دایکیەتی سەرەڕای مرۆڤایەتی دەگرێ.

بڕیاری سێیەم خاڵی چواردەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێ:

«دەبێ مافی هەمەلایەنەی تاکەکان چ ژن و چ پیاو بەدی بێت و ئاسایش و ئەمنیەتی دادگەری بۆ هەموو پێك بێت و هەموو لە پێناو یاسادا بەرابەر بن».
(مەنسوور، قانونی ئەساسی، ١٣٨٢: ٢٤)

هەر وەها بڕیاری بیستەمی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێ:

«هەموو تاکەکانی نەتەوە بریتی لە ژن و پیاو بە یەکسانی لە پێناو پشتیوانی یاسادان و لە هەر چەشنە مافێکی مرۆڤایەتی، سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و کۆلتووری بە مەرجی بەڕێوەبەری یاسای ئیسلامی کەلك وەردەگرن».

(مەنسوور، قانونی ئەساسی، ١٣٨٢: ٣١)

دیسان بڕیاری بیست و یەکەمی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێ: «ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە، مافی ژنان لە هەر لایەنێکدا بە مەرجی بەڕێوەبەری یاسای ئیسلامی گارانتی بکات و بابەتەکانی ژێرەوە بە ئەنجام بگەیێنێ:

١- پێك هێنانی پێگەی پێویست بۆ سەرکەوتنی کەسایەتی ژن و زیندوو کردنەوەی مافی ماکی و مینۆکی (مادی و معنوی).

٢- پشتیوانی لە دایکان بە تایبەت لە کاتی دووگیانی و سەرپەرشتی منداڵ و پشتیوانی لە منداڵانی هەتیو.

٣- پێك هێنانی دادگای ڕەوا و لێهاتوو بۆ پاراستنی خێزان.

٤- دابین کردنی بیمە بۆ بێوەژنان و ژنانی بە ساڵاچوو و بێ سەرپەرشت.

٥- مافی سەرپەرشتی منداڵان بدرێ بە دایکانی شایستە بەو مەرجەی سەرپەرشتی شەرعی نەبێ. (مەنسوور، قانونی ئەساسی، ١٣٨٢: ٣٢)

سەبارەت بە خاڵی دووی بڕیاری بیست و یەکەمی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستە بزانین پشتیوانی لە دایکان بە تایبەت لە کاتی دووگیانیدا بەم شێوەیە کە ژنێکی دووگیان کە لە سەر رای دوکتۆرەکەی لە مەترسی فڕێ دانی مناڵی ناو سکدا بێت، بتوانێ تا سێ مانگ لە مولەتی دەرمانی کەلك وەرگرێ. مولەتی منداڵ بوون بۆ ژنی کارمەند لە کاتی یەکەم منداڵدا چوار مانگە و بۆ منداڵەکانی تری دەبێتە سێ

مانگ. دوای موڵەتی منداڵ بوونیش ڕۆژانە یەك سەعات موڵەتی کاتی شیـردان بۆ دایك هەیە. (مەنسوور، قانونی خانەوادە، ١٣٨٢:٣٩٢،٣٩١)

هەر وەهاش بڕێك ئازمایش و واکسەن و کونتـرۆڵی پزشکی لـە کـاتی دووگیـانی بـۆ دایك چ کارمەند، چ کابان، بە لاشە. سەبارەت بە سەرپەرشتی منداڵ دەبێ بزانیـن کاتێك منداڵێك باوکی دەمرێ تاکو سەرپەرشـتی شـەرعی وەك باوەگـەورەی مابـێ بـە داخـەوە مافـی سەرپەرشتی بە دایك نادرێ. (حوجـەتی ئەشرەفـی، ١٣٨١: ٢٤٢ خـاڵی ١١٦٨ یاسای مەدەنی) هەر وەهاش ئەگەر دایك و باوك لە یەکتـرین جیا بنەوە کوڕ تا دوو سـاڵ و کچ تا حەوت ساڵ ئەدرێ بە دایك. (حوجەتی ئەشرەفی، ١٣٨١: ٢٤٢ خاڵی ١١٦٩). بە تازەیی خەریکە باس لە یاسایەك دەکرێ کە دایك بتوانێ مافـی سەرپەرشـتی منـداڵی کوڕیشی تا حەوت ساڵ ببێت.

بەڵام سەبارەت بە خاڵی چـوار، بڕیـاری ٢١، لـە پەیـماننامەی بەڕێوەبـەری یاسـای پشتیوانی لە ژنان و منداڵانی بێ سەرپەرشت بە پێی بڕیاری یەکەم تا چواردەهەمی ئـەو پەیـماننامە تێبینی بۆ پشتیوانی ژنانی بێ سـەرپەرشت بە پارە یان بیمەی دەرمـانی و... هتد کراوە. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە،١٣٨٢: ٢١٦- ٢١٠)

تێڕوانێکی تر لە نێو یاسای بنەڕەتی ئێران سەرنـجمان رادەکێشێتە سەر بڕیاری ١٠٩ کە مەرجەکانی ڕێبەری دابیـن ئەکات. لـە خـاڵی یەکەمیـدا باسـی توانـایی زانستی و تەقوایی پێویست بۆ فتوادان و مەرجەعیەت دەکا (مەنسوور، قـانوونی ئەساسـی،١٣٨٢: ٦٦ و ١٠٣).

مەرجەعیەت مەقامێکە تایبەت بە پیاو. لێرەدا دیارە هیچ کاتێك ژن ناتوانـێ بێتـە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران. لە بڕیاری ١١٥ی یاسای بنـەڕەتی کۆمـاری ئیـسلامی ئێران دەڵێ: «سەرۆك کۆمار دەبێ لـە نێـوان «پیـاوانی» مەزهـەبی- سیاسـی کـە ئـەم

مەرجانەی ژێرەوەی بێت هەڵبـژێردرێ: لـە نەتـەوەی ئێرانـی بـێ، هـاووڵاتی ئێـران بـێ، بەڕێوبەر و زانا بێ، رابردوویەکی باشی بێت، ئەمانەت و تەقوای هەبێ، بـە ئیمـان بێـت، باوەڕی بە بناغـە سـەرەکیەکانی کۆمـاری ئیـسلامی ئێـران و مەزهـەبی رەسـمی وڵات (شیعەی ئەسنا عەشەری) بێ. (مەنسوور، قانوونی ئەساسی، ١٣٨١: ٧١)

لێرەدا ژن هیچ جێگایەکی بۆ سەرۆك کۆمار بوونیش نامێنـێ. بـە هـۆی بڕیارەکـانی ١٥٧ و ١٦٢ بەرپرسی دادوەری وڵات و سەرۆکی ئەنـجومەنی باڵای دادپـەروەری وڵات و دادستان ئەبێ موجتەهێد بن. (مەنسوور، قانوونی ئەساسـی، ١٣٨٢: ٨٧ و ٨٨) دیـارە موجتەهێدیش پیاوە و ژن نییە.

بێگۆمان خوێنەری هێژا کە بیـریەتی لە بڕیاری حەوتەمی کۆنڤانسیۆن لە خـاڵی بـێ ئاماژە بە مافـی بەشداری ژنان لە تەواوی لایەنەکانی حکوومەت کرا بوو.

**بەشی دووەم:** یاسای سزایی و مەدەنی و خێزانی کۆماری ئیسلامی ئێران

لەم باسەدا ئەگەر بـمانەوێ تەواوی یاساکان باس کەین لەوانەیە چەند کتێب پێویـست بێ. باشتـرە کە لە رووی دەقی کۆنڤانسیۆنەکە لە هەر بڕیارێکدا باسێکی یاسایی تێدا بێ راوەستیـن و لێکۆڵینەویەکمان بێ سەبارەت بە یاساکانی پێوەندیدار بەو بڕیارەوە.

لە بڕیاری دووەمی کۆنڤانسیۆن خاڵی «بێ» و «پـێ» باسـی پـشتیوانی یاسـایی لـە ژنانی سەرکوتکراو و سزادانی ئەوانەی کە سـەرکوتکاری ژن دەکـەن، کـراوە. لـە یاسـای کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ شتێکی وا بەدی ناکرێ.

لـە خـاڵی «جـێ» باسـی لابردنـی تـەواوی یاسـا سـزاییانەی دەکـرێ کـە هۆکـاری سەرکوتکاری ژنن. شایانی باسە لە یاسای سزایی ئێران بەشی «حدود» لـە خـاڵی ٦٣ تـا



www.kurdistannet.org

١٠٧ باسی «زنا» و چۆنیەتی «رەجم»ە. تەنانەت لە خاڵی ١٠٤ هاتووە گەورەیی ئەو بەردانەی بۆ رەجم بە کار دێت نابێ ئەوەندە بێ کە بە دانەیەك یان دوانی ئەو کەسەی کە رەجم دەکرێ زوو بکوژرێ، یان خاڵی ١٠٢ باسی ئەوە دەکات کە ژن تا سنگ لە چاڵێك بکرێت جا رەجمی بکەن. (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ٤٩١ تا ٤٩٥)

لە خاڵی «چێ»ی بڕیاری دووی کۆنڤانسیۆن باسی گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا دەکرێ کە تەبعیز دژ بە ژنی تێدایە. لەم بارەوە چەندین جۆر یاسا لە کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە کە جیاوازی نێوان ژن و پیاو بە روونی لەوێدا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە لە یاسای سزایی بەشی قیساسی نەفس ئەم بڕیارانە دەبینین.

**بڕیاری ٢٠٩:** کاتێك پیاوێکی موسوڵمان بە ئانقەس ژنێکی موسوڵمان دەکوژێ بە قیساس مەحکووم دەبێ، بەڵام سەرپەرشتی ژنەکە دەبێ نیوەی دیەی ئەو پیاوە بدات: (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ٥٠٩).

**بڕیاری ٢٢٠:** باوك یان باوەگەورە کە منداڵی خۆی بکوژێ قیساس ناکرێ و مەحکووم دەکرێ بە دیە و تەعزیر (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ٥١١).

**بڕیاری ٢٧٣:** لە قیساسی ئەندامی لەشدا، ژن و پیاو بەرابەرن و پیاوی سزاکار کە زیانێك بە ئەندامی ژن دەگەیەنێ مەحکووم بە قیساسی ئەو ئەندامە دەبێت، مەگەر ئەوەی دیەی ئەو ئەندامەی کە سەقەت بووە یەك بەش لە سێ بەش دیەی تەواو، یان زیاتر بێ. لەم شێوازەدا ژن دەبێ کاتی قیساس نیوەی دیەی ئەو ئەندامە بدات. (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ٥١٨).

**بڕیاری ٣٠٠:** دیەی کوشتنی ژنی موسوڵمان چ ئانقەس بێ یا نەبێ نیوەی دیەی پیاوی موسوڵمانە. (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ٥٢٥)

**بڕیاری ٣٠١:** دیەی ژن و پیاو یەکسانە تا کاتێك کە پارەی دیە دەگات بە یەك بەش لە سێ بەشی دیەی تەواو. لەوە بە دواوە دیەی ژن نیوەی دیەی پیاوە. (هـ. س. پ)

**بڕیاری ٤٨٧ خاڵی ٦:** دیەی منداڵی ناو سك کە ڕۆحی تێدا بێ ئەگەر کوڕ بێ دیەی تەواوە و ئەگەر کچ بێ نیوەی دیەیە و ئەگەر بۆیان دیاری نەکرێ سێ بەش لە چوار بەشی دیەی تەواوە. (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ٥٤٦).

**بڕیاری ٤٨٩:** هەر کاتێك ژنێك منداڵی ناوسکی خۆی فڕێ بدات، ئەبێ دیەکەی بدات و خۆشی بەشی لەو دیە نییە (هـ. س. پ).

لە یاسای مەدەنی بەشی گەواهی دان، بڕیاری ٢٣٠ بەرچاو دەکەوێ کە لەوێدا گەواهـ بوونی ژن لە بڕێك پرسدا بە هیچ چەشنێك قبووڵ نییە. وەك: تەڵاق یان وەسیەت یان چاوپۆشی لە قیساس. لە بڕێك پرسی تر کە گەواهـ بوونی ژن قبووڵ بکرێ گەواهی دوو ژن وەك پیاوێکە، بۆ نموونە موعامەلە و نیکاح. لە خاڵی جێ لەم بڕیارەدا سەبارەت بەو پرسانەی کە تایبەت بە ژن بێت وەك لە دایك بوونی منداڵ و شیردان و کچێنی و ئازاری دەروونی ژن گەواهی چوار ژن وەك ٢ پیاو قبووڵ دەکرێ. یان یەك پیاو و دوو ژن. (حوجەتی ئەشرەفی، قانوونی ئایینی دادڕەسی مەدەنی، ١٣٨١: ٥٧).

کەواتە لە یاسای ئێران ژن یان ناتوانێ گەواهـ بێت یان دوو ژن وەك پیاوێك لەم بابەتەدا سەیر دەکرێ.

سەبارەت بە یاسای تەڵاق لە یاسای خێزانیدا ئەم بڕیارانە بەرچاو دەکەوێ:

**بڕیاری ١١٣٣:** پیاو دەتوانێ هەر کاتێك ویستی ژنی خۆی تەڵاق بدات. (مەنسوور، قەوانینی خانەوادە، ١٣٨٢: ٥٧).

**بڕیاری ٨**ی یاسای پشتیوانی بنەماڵە مافی داخوازی تەڵاق بۆ ژن و مێرد لە چواردە خاڵدا تێبینی دەکا. ئەوەی بۆ ژن بەکار بێت ئەمانەن: ڕێککەوتنی ژن و مێرد بۆ تەڵاق

www.kurdistannet.org

(خاڵی١)، نەدانی نەفەقە بە ژن لە لایەن مێرد (خاڵی ٢)، هەڵسوکەوتی خراپی ژن یان مێرد بە چەشنێك کە ژیان ئاڵۆز کات (خاڵی ٤)، نەخۆشی دژواری ژن یان مێرد کە هاوسەرێتی ئاڵۆز کات. (خاڵی ٥)، شێتی (خاڵی ٦)، مەحکووم بوونی ژن یان مێرد بە سزای پێنج ساڵ زیندان (خاڵی ٨)، موعتاد بوون (خاڵی ٩)، ژن هێنانی پیاو بەو مەرجەی دادگا بگات بەو باوەڕەی کە پیاوەکە لە نێوان ژنەکانیدا دادگەری ناکات (خاڵی ١٠)، نەزۆکی (خاڵی ١٣). (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، ١٣٨٢: ١٢٦-١٢٤)

ژن ئەگەر بتوانێ بێ هێزی مێردەکەی لە نزیکیدا بسەلمێنێ (عنن) ئەتوانێ خوازیاری تەڵاق بێت.

سەبارەت بە مافی سەرپەرشتی منداڵ ئەم بڕیارانە لە یاساس خێزانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە:

**بڕیاری ١١٥٨**ی یاسای خێزانی دەڵێ: منداڵ کە لە دایك دەبێ لە کاتی هاوسەرێتیدا هی باوکە. (مەنسوور، یاسای خانەوادە، ١٣٨٢: ٦٠)

**بڕیاری ١١٦٨:** ڕاگرتنی منداڵان ماف و تەکلیفی باوك و باوەگەورەیە. (هـ. س. پ: ٦١).

**بڕیاری ١١٦٩:** بۆ ڕاگرتنی منداڵ دایك تا دوو ساڵ بۆ کوڕ و حەوت ساڵ بۆ کچ مافی هەیە. (هـ. س. پ: ٦١)

دیسان بڕیاری ١١٨٠ مافی سەرپەرشتی باوك و باوەگەورە دووپات دەکاتەوە. لێرەدا ئەبێ ئاماژە بە یاسایەك بکەین کە چەشنە دەستە بژێر کردنێکی نێو ژنان دەر دەخا. ئەوەش لە یاسای سەبارەت بە مافی سەرپەرشتی تاکە بڕیارێکە کە مافی سەرپەرشتی منداڵانی باوکێ کە شەهید بووە ئەدا بە دایکی ئەو منداڵانە و بۆ ئەم سەرپەرشتیەش داهاتێك بەو دایکە دەدرێ. (مەنسوور، یاسای خانەوادە، ١٣٨٢: ٢٣٣).

www.kurdistannet.org KURDISTANNET

چەند باش دەبوو ئەگەر ئەم یاسایە بۆ هەموو ژنان بوایە و دەستەبژێری نەکرایە.

**بڕیاری ١٢٣٣** دەڵێ: ژن ناتوانێ بە بێ ئیجازەی مێردەکەی سەرپەرشتی و قەیومیەت قبووڵ کات. (مەنسوور، یاسای خانەوادە، **١٣٨٢: ٧٣**)

سەبارەت بە میراتیش بڕێك یاسا هەیە کە بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکا کە بەشی میراتی مێرد لە ژن یەك بەش لە چوار بەشی ماڵ و موناتی ژنە، بەڵام بەشی میراتی ژن لە مێرد یەك بەش لە هەشت بەشە. (مەنسوور، یاسای خانەوادە، **١٣٨٢ : ٢٤٩**).

لە **بڕیاری ٨٩٩** سەبارەت بە میرات، خاڵی دوو و سێ باسی ئەوە دەکات ئەگەر میراتبەر تەنیا یەك کچ بێ (منداڵی تر لە بنەماڵەدا نەبێ) یان یەك خوشك لە لایەنی باوەکەوە بێ، نیوەی میراتی مردوو دەبات. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، **١٣٨٢: ٢٥٠**)

دیارە ئەگەر کوڕ تاقە منداڵ بێ تەواوی میرات دەبا.

**بڕیاری ٩٠٢** دەڵێ: ئەگەر دوو کچ بن و برایان نەبێ دوو بەش لە سێ بەشی میرات دەبەن. (هـ. س. پ: ٢٥١)

لە **بڕیاری ٩٠٦** باسی ئەوە دەکرێ ئەگەر مردوو تەنیا دایك و باوکی بێت، دایك یەك بەش لە سێ بەش و باوك دوو بەش لە سێ بەشی میرات دەبات. (هـ. س. پ: ٢٥١)

لە **بڕیاری ٩٠٧** باسێك دەبینین کە بڕیاری **٨٩٩** ڕەت دەکاتەوە، بەو چەشنە کە دەڵێ: ئەگەر منداڵ یەك دانە بێ چ کوڕ چ کچ، تەواوی میرات دەبات. بەڵام لە هەمان بڕیار باسی ئەوەش دەکرێ کە میراتی کوڕ دوو بەرامبەری میراتی کچە. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، **١٣٨٢: ٢٥٢**)

لە **بڕیاری ٦**ی کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری ژنان باسی ڕێگری لە بازرگانی و فرۆشی لەشی ژن دەکرێ. لەم بابەتەوە لە یاسای سزایی بڕیاری پێنج خاڵی نۆ بەرچاو

دەکەوێ کە دەڵێ: دادستان ئـەتوانێ لـە دادگـا داوای حـوکم بکـات بـۆ مـاڵ و دارایـی نامەشروعی بڕێك کەس، وەك خاوەنی قومارخانە و کازینۆ و کابارە و ماڵی لەش فرۆشی و... هتد. (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ۱۳۸۲: ۱۷۷)

لە بابەتی گەوادی بڕیارەکـانی ۱۳۵ تـا ۱۳۸ باسـی چـۆنیەتی گـەوادی و چـۆنیەتی سزادانی دەکات. سزای گەوادی حـەفتاوپێنج جـار لێـدانی شـەلاق و دوور خـستنەوە لـە شوێنی ژیان بۆ ماوەی ۳ تا ۱۲ مانگە بۆ پیاو. بۆ ژن تـەنیا شـەلاقەکەیە. (مەنـسوور، قانوونی جەزایی، ۱۳۸۲: ٤۹۷)

بڕیاری حەوتەمی کۆنڤانسیۆن خاڵی ئەلف باسی بەشداری ژنـان لـە هەڵبژاردنـەکان و مافـی دەنگدانی ژنان دەکات. ژنان لە ئێـران لە ساڵی ۱۳٤۲ی هەتاویەوە مافـی دەنـگ دان و بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتیەکانیان هەیە.

سەبارەت بە بڕیاری نۆیەمی کۆنڤانسیۆن کە باسی مافـی هاوولاتیەتی دەکـات، ئـەم یاسایانە لە کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە دەچێت:

**بڕیاری ۹۸۷:** باس لەوە دەکات ئەگەر ژنێکی ئێرانی شوو بـە هاوولاتییـەکی بییـانی بکات، مافـی هاوولاتی بوونی ئێرانی دەمێنێ. (مەنسوور، قـانوونی خانـەوادە، ۱۳۸۲: ۳۱)

سەبارەت بە بڕیاری دەیەمی کۆنڤانـسیۆن کـە باسـی فێرکـاری یەکـسانی ژن و پیـاو دەکات، بە داخەوە هێشتا لە بڕێك بەشـی زانکـۆکـان کـچ وەرناگیـرێ. بـۆ نـموونە لـە فڕۆکەوانی و...

لە بڕیاری یانزەی کۆنڤانسیۆن بۆ خاڵی «ئەلف» و «بـێ» و «پـێ» بڕیـاری بیـست و هەشتی یاسای بنەڕەتی هەیە کە مافـی هەموو بۆ هەڵبژاردنی کار (بـە مـەرجێك دژ بـە ئیسلام و مافـی خەڵکی تر نەبێ) دەپارێزێ. بۆ خاڵی «پێ»ی ئەم بڕیـارەی کۆنڤانـسیۆن

هەر وەها بڕیاری ٤٣ی یاسای بنەڕەتی هەیە کە ئەو مافانەی باسی کراوە دەپارێزێ. بەڵام بە داخەوە لە بڕیاری ١١١٧ی یاسای خێزانی و بڕیاری «١٨»ەش مافی ژن بەم چەشنە پێشێل دەکرێ: «مێرد دەتوانێ رێگری لە ژنی خۆی بکات سەبارەت بە کار یا پیشەیەك کە دژ بە بەرژەوەندی بنەماڵە یان ئابووری مێرد یان ژن بێت.» (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ٥٤ و ١٣١)

هەر وەها سەبارەت بە خاڵەکانی «جێ»، «چێ» لە بەشی یەکەمی بڕیاری یانزەی کۆنڤانسیۆن و هەر وەها خاڵەکانی «بێ» و «پێ» بەشی دووەمی ئەو بڕیارە «یاسای کار»ی ئێران لە بڕیاری ٧٥ و ٧٧ و ٧٨دا مافی ژنان لە کارە دژوارەکاندا دەپارێزێ. هەر وەها مافی مۆڵەتی منداڵ بوون و مۆڵەتی شیردانی منداڵی لە بەرچاو گرتووە. (مەنسوور، قانوونی جەزایی، ١٣٨٢: ١٤٩٣)

سەبارەت بە خاڵی چواری بڕیاری پانزەی کۆنڤانسیۆن کە دەڵێ: دەوڵەتانی ئەندام مافی یەکسانی ژن و پیاو لە هاتوچۆ و هەڵبژاردنی شوێنی ژیان دەپارێزن، دەبێ ئاماژە بە بڕیاری ١٠٠٥ لە یاسای خێزانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین. ئەم بڕیارە دەڵێ: شوێنی ژیانی ژن شوێنی ژیانی مێردەکەیەتی، مەگەر مێردەکەی یان دادگاە ئیجازەی دابێ شوێنی تایبەتی بۆ ژیانی خۆی بێت. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، ١٣٨٢: ٣٦)

هەر وەها بڕیاری ١١١٤ دەڵێ: ژن ئەبێ لە ماڵێکدا بژی کە مێردەکەی هەڵیدەبژێرێ مەگەر ئەوەی ئیجازەی هەڵبژاردنی ماڵ بە ژن درابێ.

بڕیاری شانزەی کۆنڤانسیۆن باسی مێرد کردن و پێوەندیەکانی بنەماڵە دەکا. سەبارەت بە خاڵی «بێ» کە باسی مافی ئازادانە و یەکسانی ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و زەماوەندا دەکا، دەزانین کچ لە ئێران بە بێ ئیجازە و رازی بوونی باوکی ناتوانێ مێرد

بکات. هەر وەها بە پێی بڕیاری ١٧ی یاسای مێرد کردن، ژنی موسوڵمان ناتوانێ بە پیاوی ناموسوڵمان مێرد بکات. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، ١٣٨٢: ٨٥)

لە خاڵی «حێ» بڕیاری شانزەی کۆنڤانسیۆن باسی مافی ژن سەبارەت بە ملك و مونات و دارایی خۆی کراوە کە بڕیاری ١١١٨ی یاسای خێزانی ئەوەی لا پەسندە و دەڵێ: ژن بە سەربەخۆیی دەتوانێ بڕیار لە سەر ماڵ و دارایی خۆی بدات.

لە بەشی دووی بڕیاری شانزەیەمی کۆنڤانسیۆن باسی پێویستی دابین کردنی کەمترین تەمەنی هاوسەرێتی کراوە. لەم بارەیەوە ئەم بڕیارانە لە یاسای خێزانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرچاو دەکەوێ:

بڕیاری ١٠٤١: نیکاح پێش بلووغ و خۆڕشتن نابێ بکرێ. مەگەر لە سەر ئیجازەی سەرپەرشتی کچ و بەرژەوەندی کچەکە. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، ١٣٨٢: ٤٣)

بڕیاری ١٢٠٧ خاڵی یەك: تەمەنی بلووغ و خۆڕشتن لە کوڕ پانزە ساڵی قەمەری و لە کچ نۆ ساڵی قەمەرییە. (هـ. س. پ: ٦٩)

لە هەمان کاتدا بڕیاری بیست و سێش هەیە کە دەڵێ: هاوسەرێتی ژن پێش تەمەنی ١٨ ساڵ و پیاو پێش تەمەنی ٢٠ ساڵ نابێ بکرێ. بەڵام لە سەر پەسندی دادگا ئەم تەمەنە دەتوانێ بۆ ژن ١٥ ساڵ بێت. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، ١٣٨٢: ١٣٣)

لێرەدا پێم وایە لە بڕیاری ٢٣ وەك یاسای رەسمی کەڵك وەردەگیرێ.

لە بڕیاری «سێ»ی یاسای هاوسەرێتی باس لەوە دەکرێ هەر کەس دژ بە بڕیاری ١٠٤١ لەگەڵ کەسێك کە بە تەمەنی قانوونی بۆ هاوسەرێتی نەگەیشتووە زەماوەند بکات سزای زیندان لە ٦ مانگ تا دوو ساڵ دەبێ. بە تایبەت ئەگەر تەمەنی کچ بە ١٣ ساڵ نەگەیشتبێ دوو تا سێ ساڵ زیندانی تێبینی کراوە. (مەنسوور، قانوونی خانەوادە، ١٣٨٢: ٨٢)

www.kurdistannet.org

له تێڕوانینێك له سەر یاساكانی كۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت به ژن دیمان له هەر یاسایەك كه بەرژەوەندی ژنی تێدا بوو مەرجی بەڕێوەبەری یاسای ئیسلامی باس كرابوو. لێرەدا پێویستمان زانی چەند ئایەت و حەدیسی بەرچاو و زەقی ئیسلام باس كەین. نووسەر مافی هەڵسەنگاندنی له ئەستۆی خوێنەری هێژا داناوە.

ئایەتی ٢٨٢ی سوورەی بەقەرە:

دوو كەس له پیاوەكان وەك گەواه قبووڵ كەن. ئەگەر دوو پیاو نەبوو یەك پیاو و دوو ژن به گەواه بگرن.

ئایەتی ١١ی سوورەی نسا:

خوا سەبارەت به منداڵەكانتان وای راسپاردووه كه میراتی كوڕ دووبەرابەری بەشی میراتی كچ بێ.

ئایەتی ٢٢ی سوورەی بەقەرە:

ژنانی ئێوه كێڵگەی ئێوەن. بۆ كشت لێیان نزیك كەونەوە.

ئایەتی ٣٤ی سوورەی نسا:

پیاوان سەرپەرشتی ژنانن و به هۆی ئەو سەركەوتنە كه خوا بڕێكی به سەر بڕێكدا گەورەیی داوه و به هۆی ئەوەی كه پیاوان له ماڵی خۆیان دەبێ به ژنان نەفەقە بدەن، ژنانی شایسته و فەرمانبەر له نەبوونی پیاوان دەبێ مافی مێردیان بپارێزن و ئەوەی كه خوا ئەمری به پاراستنی كردووه رایگرن. ئەو ژنانەی كه له دژایەتی و نافەرمانیان دەترسی ئەبێ یەكەم پەندیان بدەی ئەگەر فەرمانیان نەبرد لەگەڵیان نەخەوی و دیسان ئەگەر فەرمانیان نەبرد لێیان بدەی.

ئایەتی ٢٢٨ی سوورەی بەقەرە:

پیاوان به سەر ژناندا گەورەیی و رێزیان هەیە.

www.kurdistannet.org

لە کتێبی نەهجوالفیساحە وەرگێڕانی ئەبولقاسمی پایەندە ئەم حەدیسانە بەرچاو دەکەون:

١- مەترسیدارترین دوژمنی تۆ هاوسەری تۆیە کە لەگەڵ تۆدا دەخەوێ و ملکی تۆیە. (رستەی ٣٣٩، لاپەڕەی٢٢٠)

٢- کە روانیم بۆ جەهەننەم، دیم زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی ژنن. (رستەی ٣٣١ لاپەڕەی ٢١٩)

٣- ئەگەر ژن نەبوایە پیاو دەچوو بۆ بەهەشت. (رستەی ٢٣٥٨ لاپەڕەی ٦٥٣)

٤- باشترین مزگەوتی ژنان ماڵی ئەوانە. (رستەی ١٥٣٢ لاپەڕەی ٤٧٤)

٥- ژنان داوی شەیتانن. (رستەی ١٧٩٢ لاپەڕەی ٥٣٤ و رستەی ٣١٥٣ لاپەڕەی ٧٨٩)

٦- ئەگەر ژن مافی مێرد بزانێ کاتێ چێشتی نیوەڕۆ و شەوی ئەو دانانیشێ تا وەحەسێ. (رستەی ٢٣١٨ لاپەڕەی ٦٤٤)

دوکتۆر عەلی شەریعەتی وەك رووناکبیرێکی ئایینی دەڵێ: ئیسلام لە هەمان کاتدا کە لەگەڵ دەستەبژێری نێوان ژن و پیاو بە توندی بەربەرەکانێ دەکا، لایەنگری لە بەرابەری و یەکسانی نێوان ژن و پیاویش ناکا.

## ئێستا جێگەی پرسیارە بۆ کۆنڤانسیۆن لە کۆماری ئیسلامی ئێران پەسند نەکرا؟

کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری ژنان لە ١٣٨٠/٩/٢٨ی هەتاوی لە لێژنەی وەزیرانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەم مەرجانە پەسند کرا:

www.kurdistannet.org

١- كۆماری ئیسلامی ئێران ئەو بڕیارانەی کە دژ بە شـەرعی ئیـسلام نـەبێ بـەڕێوە بیات.

٢- خاڵی یەکەمی بڕیاری بیست و نۆ قەبووڵ ناکات.

لە ١٣٨٠/١١/٢٣ی هەتاوی لە کۆمۆسیۆنی فەرهەنگی پەرلەمانی ئیسلامی دیـسان کۆنڤانسیۆن بەو مەرجانە پەسند کرا.

لە ١٣٨٢/٥/١ی هەتاوی پەرلەمانیش هەر ئەو بڕیارەی کۆمۆسـیۆنی پەسـند کـرد، بـەڵام لیژنـەی پـاریزەری یاسـای بنـەڕەتی لـە ١٣٨٢/٥/٢٠ی هەتاویـدا کۆنڤانـسیۆنی رەتکردەوە و وتی: «زۆر لە بڕیارەکانی کۆنڤانسیۆن دژ بە شەرعی ئیسلامە، بە چەشـنێك کە قەبووڵ نـەکردنی بەڕێوبـەرێتی بڕیارەکـانی ئـەم کۆنڤانـسیۆنە لەگـەڵ ئامانــجەکانی کۆنڤانسیۆن یەك ناگرن و بە هوی خـاڵی ٢ی بریـاری ٢٨ی کۆنڤانـسیۆن کـە دەڵـێ ئـەو مەرجانەی کە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی ئەم کۆنڤانسیۆنە دژایەتی بێت قـەبووڵ ناکرێـت، هەر بۆیە ئەگەر دەوڵەتی ئێران کۆنڤانسیۆن پەسند بکات دەبێ باقی بڕیارەکانیش بـەڕێوە بەرێت، کە وابوو پەسندی دەوڵەت دژ بە شەرعی ئیسلامە».

ئێستاکە ئەم کۆنڤانسیۆنە دراوە بە لیژنەی تێبینی بەرژەوەندی نیزام کە رای خۆی لـە سەر دەرببـڕێ و تا ئەم کاتەش جارێکە هیچ بڕیارێکی لە سەر نـەدراوە. (١٣٨٢/١/٢٧ی هەتاوی)

دوای ئـەوەی ئـەم کۆنڤانـسیۆنە لـە لیژنـەی پـاریزەری یاسـای بنـەڕەتی (شـۆرای نیگەهبان) رێی لێ گیـرا، بووە هۆکاری باس و خواس و هێرشێك لـە لایـەن کەسـایەتیە مەزهەبیەکانی ئێران بۆ سەر کۆنڤانسیۆن. بۆ نـموونە دەتوانیــن ئامـاژە بـە رۆژنامــەی جامی جەم ژمارەی ١٠٤٣ رۆژی ١٣٨٢/١٠/٣ی هـەتاوی ئێـران بکـەین. لـە وتـارێکی دوکتۆر حەسەنی عەباسی بەرپرسی «سەنتەری لێکۆڵینەوەی دوکتۆرینالی ئەمنیـەتی بـێ

سنوور» بە ناوی چەکی بەرگری ئێمە لە بەرامبەر قایمکارە نوێکانی ئەمریکا (نئومحافظەکاران) باس لەوە دەکرێ کە «کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری ژنان بەشێکە لە پیلانی ئەمریکا بە ناوی ئەکسیری ٢٠٠٤ دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران. دوکتۆر عەباسی دەڵێ: پیلانەکە سێ بەشی سەرەکی هەیە، بەشی یەکەمی ئەوەیە کە ئێران دەبێ بێ هیچ مەرجێك کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەر کوتکاری ژنان پەسند کات. لە راستیدا دوای قبووڵ کردنی کۆنڤانسیۆن یەکەم هەنگاو بێ بایەخ کردنی پرسی حیجابی ژنە لە ئێران. بۆ ئەوەی کە «فریدمەن و یارانی» چەند جار وتوویانە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە حیجابی ژنانیدا داپۆشراوە. هەر وەها بە رای ئەوان دەبێ برێك پرسی تریش وەك گەواه بوونی ژنان و میراتی ژنان و... هتد، بگۆڕێ. کەواتە تەواوی بایەخە رۆژئاواییەکان دەبێ جێگای بایەخی ئیسلامی بگرێ، لە جلوبەرگی رۆژئاوایی تا زۆر شتی تر!».

نازانم خوێنەری هێژا لە هیچکام لە بڕیارەکانی کۆنڤاسیۆن چاوی بە بڕیارێکی وا کەوت کە لابردنی حیجابی تێدا باس کرا بێ؟

دیارە دین و ئایین شتێکە کە مرۆڤ خۆی مافی هەڵبژاردن و بەڕێوە بردنی یاساکانی ئەوی هەیە. خوا خۆی فەرموویەتی: «لا اکراه في الدين».

ئەگەر ژنێك بیەوێ موسوڵمان بێت و بە رێگای ئیسلامدا بڕوات، مەرج نییە کۆنڤانسیۆن زەختی لابردنی حیجابی لێ بکات. سەبارەت بە گەواه بوونی ژن و میراتی ژن و بە تایبەت دیەی ژن، دەبێ سەیری ئەوە بکەین کە ئێمە ئیمڕۆ لە سەدەی ٢١دا دەژین. بێگومان هەلومەرجی ئێستا و ١٤٠٠ ساڵ لەمەو پێشی جیهان یەکسان نییە. باشترە درگای رەخنە لە خۆمان دانەخەین. رەخنەی دروست و ئاڵوگۆڕی دروست،

www.kurdistannet.org

هاوكات لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی جیهانی هاوچەرخ، دەبێتە هۆكاری ژیانەوە و پێشكەوتنی ئێمە.

دیارە ژنی ئیمڕۆ زیندوو بە چاڵ ناكرێ تا بە نیوەی مافی پیاو زۆر زۆریش ڕەزا بێت و سپاسیش بكات. باشترە چاو لە ڕاستیەكانی جیهانی هاوچەرخ نەبەستین. ئەگەر وا بكەین هەر وەك كەو دەبین كە سەری دەكاتە نێو بەفر و وا دەزانێ ڕاوچی نایبینێ.

ژنی ئیمڕۆ ژنی خێڵە عەرەبەكانی كاتی جاهلییەت نییە. بێگومان ئیسلامیش وەك دوایین ئایینی جیهان تەنیا تایبەت بە خێڵی عەرەب نییە و ئایینێكی جیهانییە. ئایینێكی جیهانی ئەبێ وڵامدەری هەموو كێشەكانی مرۆڤ چ ژن و چ پیاو لە هەر نەتەوەیەك و لە هەر هەلومەرج و كاتێكدا بێ. ئەگەر شارستانیەتی ڕۆژئاوایی هەڵەی هەیە، شتی چاكیشی هەیە. ئەگەر شارستانییەتی ڕۆژئاوایی و شارستانیەتی ئیسلامی بە شوێن لە ناو بردنی یەكەوە بن، هیچكامیان سەركەوتوو نابن. نە ئیسلام لە ناو دەچێ و نە شارستانیەتی ڕۆژئاوا. باشتر نییە ئێمە تێڕوانینێكی ڕاستەقینەمان لە سەر لایەنە چاك و خراپەكانی خۆمان و ئەوان بێت؟ لایەنە چاكەكانی هەر دوو لا كە توانیویەتی لە ئازموونی كۆمەڵایەتی سەركەوتوو بێ هەڵبژێرین و لایەنە خراپەكان كە سەرچاوەی چەوسانەوە و ئاژاوە بووە لە هەر دوو لا لایان بەین؟

بۆ هەنگاوێكی وا گەورە پێویستمان بە چەند ئامرازە: زانست، جەسارەتی بینینی ڕاستییەكان، جەسارەتی قبووڵی ڕەخنە و جەسارەتی بەڕێوەبەری ئاڵوگۆڕی پێویست بۆ مانەوە و ژیانەوە.

لە كتێبی ژن لە نێوان ڕووناكایی شەریعەتی ئیلاهی و تاریكایی كولتوری ڕۆژئاوا لە باسی قیساس و دیە بۆ وڵام دانەوەی ڕەخنە لە سەر ئەوەی كە بۆ دەبێ دیەی ژن نیوەی پیاو بێ، دەڵێ: كاتێك باسی دیە دێتە گۆڕێ، مانای ئەویە كە باسی سزا دان نییە، بەڵكو

باسی پاك کردنەوەی حیسابێکی حقووقیە کە ئامانجی قەرەبوو کردنەوەی زیانێکی ماکیە (مادی) کە لە کوژرانی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەیەك تووشی ئەو بنەماڵە بووە. بێگومان قەبەی زیانێك کە لە کوژرانی باوك تووشی منداڵان دەبێ زۆر زیاتر لە قەبەی زیانێکە کە بە هۆی کوژرانی دایك تووشی ئەو بنەماڵە دەبێ. بەو مانایە زیانی ماکی لە سەر ژنێك کە مێردەکەی کوژراوە زۆر زیاترە تا زیانی مێردێك کە ژنەکەی کوژراوە! (ڕەمەزان بووتی، ١٣٨٢: ٣٧)

پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر پێوەر پارە و قیمەتە و میزانی زیان لە رووی پارە و سەرپەرشتی هەڵدەسەنگێنن، ئەی مافی ئەو بنەماڵانەی وا دایکیان سەرپەرشتیانە و دایکەکە دەکوژرێ چۆنە؟ ئایا لە جیهانی عەرەبی ئەو کاتەش ژنی سەرپەرشتی بنەماڵە نەبووە؟

دیسان ئەم پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە: دەی باشە ئەگەر قەبەی زیانی ماکی بنەماڵە مەرجە، بۆ دایکێکی دووگیان کە کوڕێکی لە سك دایە، دیەی نیوەی دیەی مناڵەکەی ناو سکیەتی؟

بنەماڵە لە کوژرانی ئەو دایکە زۆرتر تووشی ئازار و زیان دەبێ یان مناڵێکی کوڕ لە ناو سك دا کە هێشتا هەنگاوی نەختستووەتە سەر ئەم دنیا؟

هەر وەها بیانووی ئابووری بۆتە دەسمایەی میراتی کەمتر بۆ ژن. با بزانین ئیمڕۆ ژن لە زۆربەی وڵاتان دەسکەوت و داهاتی هەیە و ئیش دەکات و بنەماڵەش بەڕێوە دەبات و لە پێك هێنانی سەروەت و سامانی بنەماڵەشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ژنێك کە هاوشانی پیاوە بۆ دیسان لە میراتیشدا مافی ئەبێ نیوەی پیاو بێ؟

لە پرسی مافی تەڵاقیش دەڕوانین، مافی تەڵاق بە پیاوە. لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا بڕێك مەرج تێبینی کراوە بۆ ئەوەی ژن بتوانی داوای تەڵاق بکات.

هەڵبەت بوگزەرین لەوەی کە ژنێکی وا دەبێ چەند حەوت خانی ڕۆستەم بپێوێ تا حاکمی دادگای خێزان کە خۆی پیاوێکی مەلایە و لایەنگری پیاوانە، ڕەزا بێ بەوەی بڕیار لە سەر ئەو تەڵاقە بدات. لەو لاشەوە ئایا تێبینی ڕاستەوخۆ هەیە سەبارەت بە مافی تەڵاق بۆ ئەو ژنەی کە کێشەی نەفەقە و ئازاری لێدان و ئیعتیادی مێردەکەی و... هتد نییە، بەڵکو ورد بوونی کەسایەتی و ڕۆحی خەریکە دەیکوژێ؟

بۆ دەبێ بە حوکمی کەم عەقڵ بوون ژن لە بڕیاردان سەبارەت بە ژیانی هاوبەشی بێبەش بکرێ؟ ئایا هەموو ژنان بێ عەقڵن و هەموو پیاوان عاقڵ؟

هەر وەهاش دێینە سەر باسی گەواه بوون. ئەگەر ژنێك شاهیدی قەتلێك بێ، بۆ نموونە پیاوێك بێت لە ماڵەوە، مێردی ئەو ژنە لە بەرچاوی ژنەکەدا بکوژێ و بڕوا و هیچ شاهید و گەواهێکی پیاویتر لەوێ نەبێ تەکلیف چیە؟ تەنانەت دوو ژنیش ئەو قەتڵە ببینن هێشتا بە یەك گەواه حیساب دەکرێن. جا وەرە قاتڵ ئەوەندەش زیرەك بێ کە هیچ بەڵگەیەك بە جێ نەهێڵێ!

بۆ دەبێ ئەوەندە ژن بێ ڕێز و بە هەست و بێ عەقڵ دانێین؟

دیسان لە کتێبی ژن لە ڕووناکایی شەریعەتی ئیلاهی و تاریکایی کولتووری ڕۆژئاوا هاتووە: هەر لە سەر ئەم قاعیدەیە، کە خوای سوبحان لە باسی چۆنیەتی جەنایەت و شێوەی کردەوەی جەنایەتکار، گەواه بوونی ژن قبووڵ ناکا. بۆ ئەوەی ژن کەم تووشی جەنایەت و قەتڵ دەبێ. ئەگەر ژن لە ناکاو بڕوانێ کەسێك خەریکە کەسێکی تر دەکوژێ، یان هەڵدێ یان دەبوورێتەوە. (ڕەمەزان بووتی، ١٣٨٢: ١٤١)

پرسیار ئەوەیە ئەی بۆ ئەم هەموو ژنە پەرستار و دوکتۆر و پۆلیس و کوماندۆ و سەرباز و... هتد لە جیهاندا هەن کە لە بینینی مەرگی مرۆڤ هەڵنایەن و نابوورێنەوە؟

www.kurdistannet.org

ئایا دەبێ لە سەر ژنانێکی ترسنۆك حوکم بدەین بۆ هەموو ژنان؟ کەواتە بۆ لە سەر پیاوانی هەڵەکار و ترسنۆك حوکم بۆ هەموو پیاوان نەدراوە؟

دیسان ئەمەش پرسیارە کە بە حوکمی بە هەست بوون و کەم عەقڵی ژن، زۆر لە مافەکانی بۆتە نیوەی پیاو، ئەی بۆ لە کاتی سزا داندا وەك پیاو سزا دەکرێ؟ بۆ سزای ژن نیوەی سزای پیاو نییە؟

لە سەر بەشداری ژن لە حکومەتدا هەر لە هەمان کتێب ئاماژە بەم حەدیسە کراوە: کەسانێك کە ئیش و کاری خۆیان بدەنە دەست ژن، قەد رزگار نابن. (رەمەزان بووتی، ١٣٨٢: ٦٣) لە سەر ئەم حەدیسەش باس و خواسێکی زۆری کردووە کە بۆ ژن نابێ بە سەرۆکی حکومەت یان خەلیفە. دیارە ژن نەبۆتە خەلیفە، بەڵام لە دنیای هاوچەرخ کەم نین ژنانێك کە بوونە سەرۆك کۆمار و بەرپرسی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر و... هتد. لە هەر شوێنێکش ژنان دەسەڵاتی سیاسیان بووە، یەکەم ئامانجیان ئاشتی و ئارامی بووە. دروست بە پێچەوانەی پیاو کە بەرپرسی زۆری زۆری شەڕ و ئاژاوە و دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزمن لە جیهان.

لە سەر باسی حیجابیش کە دوکتۆر عەباسی زۆر نیگەرانە کە کۆنڤانسیۆن ئەرکی رەزاشای پەهلەوی بگرێتە ئەستۆ و چارشێو لە سەر ژنان راکێشێ دیسان باس و خواس زۆرە.

لە کتێبی نیزامی حقووقی ژن لە ئیسلام هاتووە: پیاو کۆیلەی شەهوەتە و ژن دیلی موحەبەت. (موتەهەری، ١٣٧٧: ٧٨)

ئایەتی ٥٩ سوورەی ئەحزاب:

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

ئەی پێغەمبەر بە ژنان و کچانی خۆت و ژنانی موسوڵمان بڵێ کە چارشێوەکانیان بە سەر و دەموچاوی خۆیاندا بدەن. ئەمە باشترە بۆ ئەوەی بە داوێن پاکی بناسرێن و ئازار نەدرێن.

لێرەشدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کەسێك کۆیلەی شەهوەت بێ چۆن عاقڵترە و رێز و شکۆی هەیە؟ ئەوە چۆن عەقڵێکە کە بە بینینی پرچی ژنێك تێك دەچێ؟

لە کۆتایی ئەم وتارەدا دیسان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە جیهانی ئیمڕۆ لە هەلومەرجێکی نوێ دایە. ژنان لە هەموو شوێنێکی دنیا تێدەکۆشن تا پێگەی راستەقینەی مرۆڤایەتی خۆیان بە دەست بهێنن. کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری و دەستەبژێری دژ بە ژنان هەنگاو و دەرفەتێکی باشە بۆ گەشەی ژنان.

گەشەی ژنان و چاك بوونی بارودۆخیان دەبێتە هۆکاری گەشەی مرۆڤایەتی. بەو هیوایەی کە تەسکبینی و بێ تاقەتی لە بەرامبەر رخنەدا لەمە زیاتر نەبێتە هۆی رێگری لە پەسندی ئەم کۆنڤانسیۆنە.

لێرەشدا داوا لە تەواوی ژنانی چالاکی کورد دەکەین کە تێکرا و بە یەکدەنگیەوە پشتیوانی خۆیان لە پەسندی ئەم کۆنڤانسیۆنە لە هەموو وڵاتانی کوردنشین دەربڕن.

**سەرچاوەکان:**


۱- قرآن کریم.

۲- منصور، جهانگیر. قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران: قانون اساسی مصوب ۱۳۵۸ و تغییرات و تتمیم قانون اساسی مصوب ۱۳۶۸. تهران: نشر دوران، ۱۳۸۰.

۳- حجتی اشرفی، غلامرضا. مجموعەی قوانین اساسی- مدنی با آخرین اصلاحات و الحاقات. تهران: کتابخانۀ گنج دانش، ۱۳۷۹.

۴- منصور، جهانگیر. قوانین و مقررات مربوط به ازدواج و طلاق. تهران: نشر دیدار، ۱۳۸۲.

۵- منصور، جهانگیر. قوانین و مقررات مربوط به خانواده. تهران: نشر دوران، ۱۳۸۲.

۶- منصور، جهانگیر. مجموعەی قوانین و مقررات جزایی. تهران: نشر دیدار، ۱۳۸۲.

۷- مطهری، مرتضی. نظام حقوق زن در اسلام. تهران: انتشارات صدرا، چاپ ۲۸، مهر ۱۳۷۷.

۸- رمضان بوطی، محمّد سعید. زن در میان شفافیت شریعت الهی و تیرگی فرهنگ غرب. ترجمەی فرید قادری، سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۲.

۹- پاینده، ابوالقاسم.نهج‌الفصاحه.